داوای لە خودا کرد بەو ناوەی (خودا) ئەگەر داوای لێبکرێت (بەو ناوە) دەبەخەشێت، وئەگەر لێی بپارێنەوە (بەو ناوە) وەڵام دەداتەوە

لە بورەیدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- گوێی لە پیاوێک بوو دەیووت: «(اللهم إني أسألك بأني أشهد أنك أنت الله لا إله إلا أنت، الأحد الصمد، الذي لم يلد، ولم يولد، ولم يكن له كفوًا أحد)*»، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «داوای لە خودا کرد بەو ناوەی (خودا) ئەگەر داوای لێبکرێت (بەو ناوە) دەبەخشێت، وئەگەر لێی بپارێنەوە (بەو ناوە) وەڵام دەداتەوە». *(خودایە من داوات لێدەکەم بەوەی کە من شاهێدی دەدەم کە هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە شایەنی پەرستن بێت جگە لە تۆ نەبێت، تۆ تاکیت وهەموو بوونەوەرەکان بەردەوام پێویستیان بە بەخشینەکانی تۆیە، نە منداڵت بووە ونە باوک ودایک، وهیچ کەسێک هاوتا وهاوبەشی ئەو نییە

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

ئەم نزا مەزنە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- گوێی لە ئەم ئەعرابیە بووە ووتویەتی لەکاتی پاڕانەوەدا وبەهۆیەوە داوا لە خودا دەکات وناوە مەزنەکەی خودای تێدایە، وهەروەها بە تاکدانانی -تەوحیدی- خودای تێدایە -لە پەروەردگارێتی وپەرستنیدا ولە ناو و سیفاتەکانیدا- کە ئەو زاتە تاکە وهەموو بوونەوەرەکان بەردەام پێوستیان بە ئەوە (الأحد والصمد)ە، ونە منداڵی بووە ونە باوک ودایک، وهیچ کەسێک وەکو ئەو نییە وهیچ کەسێک هاوتا وهاوبەشی ئەو نییە، هیچ کەسێک لە ئەو ناچێت نە لە زاتی مەزنیدا ونە لە سیفەتەکانیدا ونە لە کردەوەکانیدا. ئەم واتا مەزنانە بنچینەی تەوحیدە (بنچینەی یەک خودا پەرستیە)؛ ئەمیش هۆکاری ئەوەیە کە ئەم نزایە لە مەزنترینی نزاکان بێت، هەرکەسێک بەم نزایە داوا لە خوای گەورە بکات؛ ئەوا خوای گەورە پێی دەبەخشێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5486